# شیکردنەوەی ناوەڕۆکی (ڕۆژنامەی کوردستان) ژمارە (١-٥)



م. ئاواز حەسەن
ئەڵقەی دووەم و کۆتایی

ژمارە (5-1)ی ڕۆژنامەی کوردستان، کە میقداد میدحەت بەدرخان دەریکردووە، کاتێک ژمارە (1)ی ڕۆژنامەکەی دەرکرد، چەند دڵنەپەک لە ڕۆژنامەکەی بۆ هاوڕێکانی دەنێرێ بەزمانی فەرەنسی و تیایدا دەنووسێ: زۆر بەختەوەرم بەوەی کە ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی (کوردستان) تان بۆ دەنێرم، ئەوەی هەر ئێستا لە قاهیرە دامەزرانووە. نەتەوەی من کە نەتەوەی کوردەو ژمارەی 6 ملیۆن کەسە لە ئاسیای بچوکدا، زمانیان گەلێک کۆنە، ئەمەش یەکەمین جارە کە بەم زمانە ئەم ڕۆژنامەیەم بڵاوکردۆتەوە بۆ مەبەستی تێگەیاندنی زانیاری و گیانی خۆشەویستی لەناو ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمدا و هاندانی کوردەکان بۆ ئەوەی ڕێگەی پێشکەوتن و شارستانێتی نوێ بگرن... هتد نامەکە. ئەم سەرگوزشتەیە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە دڵسۆزێکی وەکو میقداد مدحەت بەگ بەدەرکردنی هەستی بەرزی نەتەوایەتی سەرەرای ئاوارەیی و غوربەتی دوورە وڵاتی خۆی دەیەوێ شتێکی گرنگ بۆ مێژوو تۆمار بکات کە نەوەکانی بەر لەخۆی هەنگاوی بەو شێوەیەیان نەنابێ.



- **ناوەڕۆکی ژمارە (1)ی ڕۆژنامەی کوردستان:**

لەم ڕۆژنامەیەدا باس لە موسڵمانبوونی کورد و ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەکات، زۆر باس لە فەرموودەکانی پێغەمبەر دەکاو، فەرموودەکان بە نموونە دەهێنێتەوە، بۆ ئەوەی خەڵک کاریگەر بن بە نووسینەکان و زیاتر بیخوێننەوە، دەڵێ نەتەوەی کورد زۆر لە نەتەوەکانی تر زیرەکتر و خاوەن بیرو هۆشن، بەڵام بەهۆی هەژاری و نەخوێندەواری نەیانتوانییوە ئاگاداری دراوسێکانیان بن و نازانن چی ڕوودەدات لە دەورووبەریاندا.

زیاتر لە نووسینەکان جەخت لەسەر زانست و زانیاری و فێربوون دەکاتەوە، داوا لە زانایان دەکات، کە چۆن خەڵکی فێری ئاین دەکەن ئەوهاش داوایان لێبکەن منداڵانیان بنێرنە خوێندنگە و فێری زانست و زانیاری بین تاکو بتوانن لە ئەنجامدا چەک و تفەنگ دروست بکەن و بتوانن بەکاریان بهێنن لە بەرامبەر دوژمن و نەیارەکانیان. چونکە ئەگەر خوێندەوارییان نەبێ هەرچەند چەک و تفەنگیان هەبێ نازانن بەکاری بهێنن، هەروەک چۆن سوپای چین (10) ئەوەندەی سوپای ژاپۆن بوو، لە هەموو شەڕەکاندا، بەڵام سوپای ژاپۆن سەرکەوتوو و سوپای چین شکست خواردوو بوون. هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نەزانی سوپای چین کە